٤٥

| حكومة اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>رئاسة جامعة صلاح الدين - اربيل<br>مكتب رئيس الجامعة | | حكومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی<br>سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر<br>نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ |
|---|---|---|

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT – IRAQ / COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION & SCIENTIFIC RESEARCH / SALAHADDIN UNIVERSITY – ERBIL
OFFICE OF PRESIDENT

No.: ژمارە: ٧/١ ٧٩٦٦

Date: / / 201    ٢٧ کوردی / /    ڕێکەوت: ٢٣/ ٧/ ٢٠١٩ زاینی

## فەرمانی زانکۆیی

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیاردرا بە:**

**پەیڕەوکردنی ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە تایبەت بە ئەنجامدانی( کۆنفرانس- سیمپۆزیۆم- وۆرکشۆپ- فیستیڤاڵی گشتی( هونەری)- کۆرسی ڕاهێنان- پێشانگا( هونەری- زانستی)- چالاکی وەرزشی لەسەر ئاستی گشت کۆلێژو بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرەکانی زانکۆمان.**

لەمەودوا ئەنجامدانی چالاکییە زانستی و هونەری و وەرزشییەکان لەسەر ئاستی زانکۆو کۆلێژەکان دەبێت بە پێی ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە بێت، بە پێچەوانەوە ڕەزامەندی ئەنجومەنی زانکۆو وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی لەسەر نادرێت و لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پاڵپشتی سەرۆکایەتی زانکۆمانی بۆ ناکرێت:

1. دەبێت پێش ئەوەی ڕەوانەی ئەنجومەنی زانکۆ بکرێت، بە شێوەی پرۆپۆزەڵ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ( دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرام- بەدواداچوون- تەکنەلۆژیای زانیاری) بکرێت، پاش پەسەندکردنی ئینجا بە کۆنووسی ئەنجومەنی کۆلێژ بەرزدەکرێتەوە بۆ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ بە مەبەستی پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی زانکۆ.
2. بە هیچ شێوەیەک نابێت جگە لە لۆگۆی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر هیچ لۆگۆیەکی دیکەی تایبەت بە کۆنفرانس یا کۆلێژ بە کاربهێنرێت.
3. لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی ( زانستی- گشتی) بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت( زانکۆ- پەیمانگا- کۆمپانیا- سەنتەری زانستی باوەڕپێکراو) پێویستە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی لێی ئاگادار بکرێتەوە پێش ئەوەی ڕەزامەندی ئەنجامدانی چالاکی بدرێت.



Web-Site: www.su.edu.krd
ژ. تەلەفون: 00964(0)66 2622208
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - زانکۆی سەلاحەدین

٤٥



هەروەها پێویستە لایەنی بەرامبەر( کەرتی تایبەت) بودجەی پێویست بۆ چالاکییەکە لە ئەستۆ بگرێت و زانکۆشمان تەنها ئەرکی زانستی دەکەوێتە ئەستۆو لۆگۆی زانکۆو لۆگۆی بەرامبەر لە بڵاوکراوەکان دادەنرێت.

4. ئەو بودجەیەی لەلایەن کەرتی تایبەت داپین دەکرێت پێویستە وێنەیەک لە لیستی خەرجییەکان و کۆپی وەصلەکان بەرز بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی دارایی سەرۆکایەتی زانکۆ.

## 1. کۆنفرانس- Conference ( ناوەخۆیی- نێودەوڵەتی):

أ.کۆنفرانس( ناوەخۆیی):

1. ناونیشانی کۆنفرانس بە زمانەکانی ( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)
2. ئامانجی کۆنفرانس
3. کۆنفرانسەکە ساڵانەیە یا دوو ساڵ جارێکە یا زیاتر.....هتد.
4. تەوەرەکانی کۆنفرانس.
5. کاتە گرینگەکانی کۆنفرانس( خۆتۆمارکردن- پێشکەشکردنی توێژینەوە- دوا کاتی پێشکەشکردنی پوختەی توێژینەوە- دواکاتی پەسەندکردنی توێژینەوەکان- کاتی ئەنجامدانی کۆنفرانس).
6. بودجەی کۆنفرانس لەلایەن چ دامەزراوەیەک تەرخان دەکرێت و چەند بودجەی پێویستە.
7. .خەمڵاندنی پێداویستییەکانی کۆنفرانس بە شێوەی دەرخستە ئامادەبکرێت.
8. لیژنەکانی ( باڵا- ڕاوێژکاری- زانستی- ئامادەکاری و بەڕێوەبردن- پێشوازی و میوانداری- ڕاگەیاندن و ئای تی - دارایی).

9. ناوی قسەکەرە سەرەکییەکان ( Keynote Speaker)

10. دروستکردنی ماڵپەڕی تایبەت بە کۆنفرانس بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی زانکۆ بەر لە (٦) مانگ لە ئەنجامدانی کۆنفرانس و لە ماڵپەڕەکەدا پێویستە ئەم لینکانە لە خۆ بگرێت(پۆستەری تایبەت بە کۆنفرانس، کاتە گرینگەکانی کۆنفرانس- لیژنەکان- قسەکەری سەرەکی، پرۆسیدینگ- شوێنی کۆنفرانس- لیستی ناوی ئامادەبووان بە توێژینەوە و ناونیشانی توێژینەوەکانیان- ئیمێڵ- ژمارەی تەلەفۆن، دانانی ئیمێڵ و ژمارەی تەلەفۆن و سایتی هۆتێلی تایبەت بە کۆنفرانس، فۆرمی ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووان بە توێژینەوەو بێ توێژینەوە، فۆرمی تایبەت بۆ توێژەران، سلایدی تایبەت بە توێژەران، دانانی لینکی گۆڤاری (زانستی – مرۆیی) زانکۆی سەلاحەدین، گەلەری تیایدا وێنەکانی کۆنفرانس دادەنرێت).

11. پێویستە لە نێو پرۆسیدینگدا توێژینەوەکان ژمارەی (DIO) بۆ ( 10.31972/??????? ) وەربگیرێت بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و بەرەبێدانی پرۆگرامەکانی زانکۆ، هەروەها دوای ئەوەی توێژینەوەکان لەلایەن لیژنەی زانستییەوە پەسند دەکرێن، پێویستە توێژینەوەکان بە (PDF) دابنرێت و(ناوی توێژەرەکان بە هەردوو زمانی کوردی یا عەرەبی و ئینگلیزی، ناونیشانی توێژینەوەکان بە لیست بە هەردوو زمانی کوردی یا عەرەبی و ئینگلیزی هەبێت، لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکان بە جیا، پوختەی توێژینەوە بەو زمانەی توێژینەوەی پێی نوسراوە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی، وشە سەرەکییەکان(Keyword) لە نێو پرۆسیدینگ دابنرێت.

12. ئامادەکردنی پۆستەری کۆنفرانس بە قەبارەی (A4) و ناردنی بۆ پسپۆڕان بە شێوەی ئۆنلاین.



Web-Site: www.su.edu.krd
ژ. تەلەفۆن: 00964(0)66 2622208
هەولێر – ڕێگای کەرکوک – زانکۆی سەلاحەدین

13. دروستکردنی بڕوانامەی بەشداریکردن بۆ توێژەران و لێژنەکان لەسەر کلێشەی ستاندەری زانکۆ بە زمانەکانی ( کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی). لەسەر بڕوانامەکان تەنها سەرۆکی لێژنەی باڵای کۆنفرانس یا سەرۆکی کۆنفرانس واژووی دەکات، ئەگەر کۆنفرانسەکە هاوبەش بوو پێویست دەکات لایەنی بەرامبەریش واژووی هەبێت.

14. لە کۆنفرانسی ناوەخۆییدا تەنها ئاڵای( عێراق- کوردستان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر) دەدەنرێت ئەگەریش بە هاوبەشی بوو ئەوا ئاڵای لایەنە هاوبەشەکانیش دادەنرێت و لە بڵاوکراوەکانیش دادەنرێت.

15. نابێت کۆنفرانس لە (٢) رۆژ کەمتر بێت و لە (٣) رۆژ زیاتر بێت.

16. پێویستە کۆنفرانس وتەبێژی هەبێت و ووردەکاری بدات بە دەزگاکانی راگەیاندن تا کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە.

17. لە کۆنفرانسە ناوەخۆییەکاندا تەنها سرودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) لێدەدرێت و لەگەڵیشیدا چەند خولەکێک ئامادەبووان دەوەستن، بەڵام ئەگەر کۆنفرانسەکە مۆرکێکی ئاینیی پێوەبێت ئەوە پێویست دەکات سەرەتا چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز بخوێنرێت ئینجا سرودی ئەی رەقیب و خولەکێک وەستان هەبێت، پاشان وتاری سەرۆکی زانکۆ، ئینجا ئەگەر هاوبەش بوو وتاری لایەنی بەرامبەر، لە کۆتاییشدا وتاری سەرۆکی لێژنەی زانستی دەخوێنرێتەوە قسەکەرە سەرەکییەکان قسە دەکەن.

ب. کۆنفرانس( نێودەوڵەتی):

هەمان رێنمایی کۆنفرانسی ناوەخۆیی هەیە، بەڵام پێویستە لە لێژنەی زانستی 50% لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق بێت و لە قسەکەرە سەرەکییەکان 70% لە دەرەوەی عێراق بێت و ئاڵای ئەو زانکۆیانەی تێدا بەشدارن دادەنرێت.

## 18. سیمپۆزیۆم- Symposium( ناوەخۆیی- نێودەوڵەتی):

أ.سیمپۆزیۆم( ناوەخۆیی):

ب. سیمپۆزیۆم ( نێودەوڵەتی):

سەبارەت بە سیمپۆزیۆم لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی دەبێت ئەو خاڵانەی تێدا پەیرەو بکرێت:

1. دەبێت تەنها ڕۆژێک بخایەنێت و زیاتر لە پانێڵێک بێت یا دانیشتنێك بێت و پانێڵەکان نابێت لە (3) قسەکەری سەرەکی کەمترین و لە (5) زیاتر نەبن. بە بەڕێوەبەری پانێڵیشەوە.
2. ناونیشان بە زمانەکانی( کوردی- ئینگلیزی)
3. ئامانجی سیمپۆزیۆم.
4. ئەجێندای سیمپۆزیۆم
5. دیاریککردنی پانێڵ و تەوەرەکان و ناونیشانی سمینارەکان.
6. ناوو نازناوو زانکۆو کۆلێژی قسەکەری سەرەکی (Keynote Speaker) ئەگەر هەبوو.
7. لیژنەی ئامادەکاری
8. دروستکردنی سایتی تایبەت بە سیمپۆزیۆم و راگەیاندنی بەر لە مانگێک لە وادەی دەستپێکردن.
9. دانانی فۆرمی ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووان بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی زانکۆ.
10. پێدانی بڕوانامە کە واژووی سەرۆکی زانکۆ یا یەکێک راسپێردرابێت یا واژووی راگری کۆلێژ یا هەر کەسێکی دیکە دەسەڵاتی پێدرابێت.
11. بڵاوکردنەوەی ناوی بەشداربووان و کورتەیەک لە سمینارەکان و گرتەی ڤیدیۆیی و فۆتۆیی ئامادەبووان و ڕاسپاردەکان لە نێو سایتی سیمپۆزیۆم.

### 3.وۆرکشۆپ - Workshop( ناوەخۆیی- نێودەوڵەتی):

أ. وۆرکشۆپ ( ناوەخۆیی):

ب. وۆرکشۆپ (نێودەوڵەتی):

بۆ ئەنجامدانی وۆرکشۆپ لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی پێویستە ئەو خاڵانە لە خۆبگرێت:

1. ناونیشانی وۆرکشۆپ بە زمانەکانی( کوردی – ئینگلیزی).
2. ئامانجی وۆرکشۆپ.
3. دیاریکردنی پانێڵ و تەوەرەکان و ناونیشانی سمینارەکان.
4. ناوو نازناوو زانکۆو کۆلێژی قسەکەری سەرەکی (Keynote Speaker) ئەگەر هەبوو.
5. لیژنەکانی ئامادەکاری.
6. دروستکردنی سایتی تایبەت بە وۆرکشۆپ و راگەیاندنی بەر لە مانگێک لە وادەی دەستپێکردن.
7. دانانی فۆرمی ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووان بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی زانکۆ.
8. پێدانی بروانامە کە واژووی سەرۆکی زانکۆ یا یەکێک راسپێردرابێت یا واژووی راگری کۆلێژ یا هەر کەسێکی دیکە دەسەڵاتی پێدرابێت.
9. بڵاوکردنەوەی ناوی بەشداربووان و کورتەیەک لە سمینارەکان و گرتەی ڤیدیۆیی و فۆتۆیی ئامادەبووان و راسپاردەکان لە نێو سایتی وۆرکشۆپ.

## 4.کۆڕسی ڕاهێنان: Training Course

کۆڕسی ڕاهێنان دەبێت ئەو خاڵانە لەسەر جێبەجێبکرێت:

1. ناونیشانی کۆڕسی ڕاهێنان بە زمانەکانی ( کوردی، ئینگلیزی) یا زمانی دیکە ئەگەر پێتان باش بێت.
2. ئامانجی کۆڕسەکە.
3. نابێت کۆڕسی ڕاهێنان لە (٢) هەفتە کەمتر بێت.
4. نابێت ژمارەی مامۆستای وانەبێژ لە دوو مامۆستا کەمتر بێت.
5. بوونی سایتی تایبەت بە کۆڕس کە ئەمانە لە خۆ بگرێت: (پۆستەر، ناوی بەشداربووان، ناوی مامۆستایانی وانەبێژی خول، سی ڤی مامۆستاکان و وێنەی کەسی، گەلەری، خشتەی وانەکانی کۆڕس، کاتی دەستپێکرن و کۆتایی، ژمارەی مۆبایل، ئیمێل، فۆرمی تایبەت بۆ بەشداربووان).

## 5.پێشانگا- Exhibition ( ناوەخۆیی- نێودەوڵەتی):

أ. پێشانگا( ناوەخۆیی):

ب. پێشانگا (نێودەوڵەتی):

پێشانگا ئەگەر ( هونەری – زانستی ) بێت، دەبێت بەمشێوەیە ئەنجام بدرێت:

1. ناونیشان بە زمانەکانی ( کوردی- ئینگلیزی).
2. ئامانجی پێشانگا.
3. دەرخستەیەکی تایبەت بۆ خەرجییەکان بە مەبەستی ڕەزامەندیدان.

4. دانانی سایتی تایبەت تیایدا ( پۆستەر، لیژنەکان،ژمارەی مۆبایل، ئیمێل، گەلەری، ناوی بەشداربووان بە چالاکی، کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی چالاکییەکە ) تێدابێت.

**6.چالاکی وەرزشی – Sport Activity( ناوەخۆیی- نێودەوڵەتی):**

1. ناونیشانی چالاکییە وەرزشییەکە بە زمانەکانی ( کوردی، ئینگلیزی).
2. ئامانجی چالاکییەکە.
3. دەرخستەیەکی تایبەت بۆ خەرجییەکان بە مەبەستی ڕەزامەندیدان.
4. دانانی سایتی تایبەت تیایدا ( پۆستەر، لیژنەکان،ژمارەی مۆبایل، ئیمێل، گەلەری، ناوی یاریزانان، ناوی سەریەرشتیاران، کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی چالاکییەکە ) تێدابێت.
5. ماوەی چالاکییە وەرزشییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە.

**7.فیـستیڤاڵ-Festival ( زانستی- هونەری) ( ناوەخۆیی- نێودەوڵەتی):**

أ. فیـستیڤاڵ ( ناوەخۆیی).
ب. فیـستیڤاڵ (نێودەوڵەتی).

سەبارەت بە فیستیڤاڵ جا زانستی بێت یا هونەری یاخود ناوەخۆیی یا نێودەوڵەتی دەبێت بەمشێوەیە بێت:

1. ناونیشان بە زمانەکانی ( کوردی، ئینگلیزی) یا هەر زمانێکی دیکە خۆتان پێتان باش بێت.
2. ئامانجی فیستیڤاڵ.
3. دانانی سایتی تایبەت بە فیستیڤاڵ تیایدا ( پۆستەر، لیژنەکان،ژمارەی مۆبایل، ئیمێل، گەلەری، ناوی بەشداربووان، کارنامە، کێین ئەوانەی وتار دەخوێننەوە) تێدابێت.



هەولێر – ڕێگای کەرکوک – زانکۆی سەلاحەدین
Web-Site: www.su.edu.krd
ژ. تەلەفۆن: 00964(0)66 2622208

4. دەستپێکی مەراسیمی فیستیڤاڵ( خولەکێک وەستان لەگەڵ سرودی ئەی ڕەقیب، وتارەکان.....هتد).
5. ئەگەر سپۆنسەری هەبێت دەبێت ناوی دەزگا بنوسرێت نەوەک ناوی کەسایەتی.
6. دەرخستەی تایبەت بە خەرجییەکانی فیستیڤاڵ بەر لە مانگێک بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بە مەبەستی ڕەزامەندیدان.
7. دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی بۆ لیژنەکان( زانستی ئەگەر زانستی بێت)، ئامادەکاری یا هەر لیژنەیەکی دیکە خۆتان پێتان باش بێت.

## پێداویستییەکانی (کۆنفرانس- وۆرکشۆپ- سیمپۆزیۆم):

کاری لیژنەکان:

1. **لیژنەی باڵا:** ئەرکی چاودێریکردنی کاروبارەکان و پارەدارکردنی(تمویل) چالاکییەکەیە.
2. **لیژنەی ڕاوێژکاری:** ئەرکی ڕاوێژکاری زانستییە.
3. **لیژنەی زانستی:** ئەو کارانەی لە ئەستۆیە:

أ. ئەرکی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان و پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوە.

ب. بەڕێوەبردنی دانیشتن یا پانێلەکانە.

ت. کۆکردنەوەی ڕاسپاردەکان و خوێندنەوەی لە کۆتایی چالاکییەکەدا.

ث. دروستکردنی پرۆسیدینگی کۆنفرانس بە هاوکاری لیژنەی ئای تی و بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی زانکۆ.

ج. هەماهەنگی دروستکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان لەگەڵ گۆڤارە باوەڕپێکراوەکان.

4. **لێژنەی ئامادەکاری و بەڕێوەبردن** : ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیە :

أ. ئامادەسازی شوێنی ئەنجامدانی چالاکی.

ب. ئەگەر چالاکییەکە لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆ بوو، پێویستە بەر لە ڕاگەیاندنی چالاکییەکە سەردانی ئۆفیسی بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری بکرێت بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە ( حجز)کردن.

ت. دڵنیابوونەوە لەبوونی شیاوی شوێنی چالاکیی لە هۆکارەکانی ( گەرمکەرەوە- ساردکەرەوە- دەنگ- شوێنی دانیشتن- خزمەتگووزای گشتی....هتد).

ث. تەرخانکردنی بۆ سەرپەرشتیکردنی هۆڵەکانی بەڕێوەبردنی چالاکی بە ڕاسپاردنی کەسێك بۆ خزمەتگووزارییەکانی هۆڵ.

ج. ئامادەکردنی کۆفی برێك( چا- قاوە- ئاو- کێك).

ح. دابینکردنی خواردنی نیوەڕۆ بۆ لێژنەکان و توێژەران ئەمەش تەنها بۆ کۆنفرانسەکان.

5. **لێژنەی ڕاگەیاندن و ئای تی**: ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیە:

أ. دروستکردنی سایتی کۆنفرانس بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری لەسەرۆکایەتی زانکۆ.

ب. نوسینی لافیتەی فلێکس و ڕۆلاب.

ت. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان لە بارەی چالاکییەکان بە هەماهەنگی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆ.



Web-Site: www.su.edu.krd
ژ. تەلەفۆن: 00964(0)66 2622208
هەولێر – ڕێگای کەرکوک – زانکۆی سەلاحەدین

ث. ئاگاداركردنەوەی دەزگاكانی ڕاگەیاندن بە ( نوسراو- بینراو- بیستراو) بۆ ڕۆماڵكردنی چالاكییەكان.

ج. ئامادەكردنی فۆرمی ئامادەبوون بە هەماهەنگی یەكەی دڵنیایی جۆری كۆلێژەكان بە شێوەی ئۆنلاین پڕ دەكرێتەوە.

ح. ئامادەكردنی كارنامەی چالاكیی و چاپكردنی.

خ. ئامادەكردنی بڕوانامە بۆ ( لیژنەكان- توێژەران- بەشداربووان).

د. ئەگەر چالاكییەكە كۆنفرانس بوو پێویستە كاربكەن بۆ دروستكردنی پرۆسیدینگی كۆنفرانس بە هەماهەنگی لیژنەی زانستی.

6. **لیژنەی دارایی**: لیژنەكە نابێت لە (3) كەس كەمتر بێت و نوێنەرێكی بەڕێوەبەرایەتی دارایی لە سەرۆكایەتی زانكۆ تیایدا ئەندام دەبێت و ئەو ئەركەی لە ئەستۆیە:

دابینكردنی پێداویستییەكانی كۆنفرانس وەك: ( قەڵەم- دەفتەری تێبینی- جانتا.....هتد) و هەماهەنگیكردن لەگەڵ لیژنەكانی دیكە بە پێی ڕێنمایی دارایی وصلەكان خەرج دەكرێن و دەبێت هەمویان واژوو لە پشت وصلەكان بكەن.

7. **لیژنەی پێشوازی و میوانداری**: ئەو ئەركانەی هەیە:

أ. ئامادەكردنی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ نێو فڕۆكەخانە بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە سەرۆكایەتی زانكۆ بە مەبەستی پێشوازی لە میوانانی دەرەوە، هەروەها پێشوازی لەو توێژەرانەی لە ناوچەكانی دیكەی عێراق یا هەرێمی كوردستانەوە دێن و بردنیان بۆ میوانخانەی زانكۆ یا هەر هۆتێلێك كە لیژنەی باڵا بڕیاری لەسەر دابێت.



هەولێر – ڕێگای كەركوك – زانكۆی سەلاحەدین
Web-Site: www.su.edu.krd
ژ. تەلەفون: 00964(0)66 2622208

No.:
Date: / / 201

ژمارە: ١/١ ٧٩٦٦
ڕێکەوت: ٣/٧/ ٢٠١٧ زایینی
/ / ٢٧ کوردی

ب. ئاسانکاری پێدانی وەرگرتنی فیزا یا ئیقامە بۆ توێژەران یا میوانان ئەمەش پێویستە بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی زانکۆ جێبەجێبکرێت

ت. ئامادەکردنی پاص یا هۆکاری دیکەی گواستنەوە بۆ میوانان لە شوێنی حەوانەوە بۆ شوێنی ئەنجامداتی چالاکی و ڕاسپاردنی کەسێک بۆ ئاسانکاری گواستنەوەکە هاوشان لەگەڵ شۆفێر.

ث.

پ.د.احمد انور دزەیی
سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

وێنەیەك بۆ///

- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ هاو یێج بەراییەکان لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت کۆلیژو بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرەکانی زانکۆ.... بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرە پەیوەندیدارەکان ( بە دواداچوون- سەنتەری ڕۆشنبیری- دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان- تەکنەلۆژیای زانیاری-کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا) بۆ کاری پێویست و هەماهەنگیکردن لە کاتی ئەنجامداتی چالاکییەکان ..... لەگەڵ ڕێزدا .....
- دەرکردە



Web-Site: www.su.edu.krd
ژ. تەلەفۆن: 00964(0)66 2622208
هەولێر – ڕێگای کەرکوك – زانکۆی سەلاحەدین